# نەوەی بیت: نەوەی قەیرانەکانی ئەمریکا

ئازاد حەمە شەریف
مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزیی - زانستگەی سەلاحەدین

هیچ شتێک لەم دنیایەدا لە نەبوونەوە نایەتە بوون و هیچ شتێکیش نییە بوونی هەبێت و بەتەواویی نەمێنێت. هەر بۆیەش دەرکەوتنی هەر بابەت، دۆخ و دیاردەیەک هۆکاری تایبەتی خۆی لە پشتەوەیە. دوابەدوای شەڕی یەکەمی دنیا (١٩١٤-١٩١٨) و وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەوە هەموو نەهامەتییە ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، کولتووریی و سیاسییەی بەسەر دنیا، مرۆڤایەتیی و ئەمریکادا هات، لە ئەمریکا نەوەیەک کەوا بە (نەوەی ون) ناوی دەرکرد، پەیدابوو. بە هەمان شێوەش، لە ئەنجامی دیاردەی کارەساتباری شەڕی دووەمی دنیا (١٩٣٩-١٩٤٥) نەوەیەک هاتە کایەوە کەوا دژی ڕووحی مەتریالیزمی سەردەمەکە و سەردەستەیی کولتووری رۆژئاوایی و سەرکوتکردنی هەستە سروشتییەکانی مرۆڤ لەلایان دامودەزگەکانی دەوڵەت و سیستێمی سەرمایەداریی، نەوەیەک کەوا ناوی لەخۆی نا (نەوەی بیت) لە گۆڕەپانەکە پەیدابوون. ئەوان هەر هەموویان بەناو بۆتەی (قەیرانی ئابووریی مەزنی ئەمریکا) (١٩٢٩-١٩٣٥) تێپەڕیی بوون و لەناو ئەو قەیرانە کارەساتبارە بە منداڵیی ئازاری نەبوونیی، برسێتیی و نەدارییان تا ئەوپەڕەکەی چەشتبوو. سەرکردە و سەردەستەی ئەو نەوەیە بریتی بوون لە (ئالین گینزبێرگ ١٩٢٦-١٩٩٧)، (جاک کێرواک ١٩٢٢-١٩٦٩)، (ویلیام بۆرۆز ١٩١٤-١٩٩٧)، (هێربێرت هونکە ١٩١٥-١٩٩٦)، (لوسیان کار ١٩٢٥-٢٠٠٥). دیارترین نووسەرانی ئەو نەوەیەش لەپاڵ ئەوانەی سەرەوە (گریگۆری کۆرسۆ ١٩٣٠-٢٠٠١)، (لۆرەنس فیلینگێتی ١٩١٩ - ؟)، (نیل کاسادی ١٩٢٦-١٩٦٨)، (کارل سۆلۆمەن ١٩٢٨-١٩٩٣)، (جۆن هۆلمز ١٩٢٦-١٩٨٨)، (جۆیس جۆنسن ١٩٣٥- ؟)، (کێن کێسی ١٩٣٥-٢٠٠١)، (ڕیچارد براوتیگەن ١٩٣٥-١٩٨٤) و (گاری سنیدەر ١٩٣٠- ؟) بوون. هەڵبەتە کاریگەرییی قەیران و ڕووداوە جەرگبڕەکان زۆربەی جار دەستبەجێ دەرناکەوێت، بەڵکو دوای دەیان ساڵ بەجۆرێک لە جۆرەکان لە هەڵوێست، نووسین و بیروڕای نووسەرەکاندا سەرهەڵدەداتەوە. بۆیەش دوای بیست ساڵ، بەلای کەمەوە ئەو نەوەیەی پەیدابوو، ڕێک دژی زۆربەی بنەما سیاسیی، کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان بووەوە و کەوتە سەنگەرلێگرتن و بەرەنگاربوونەوەیەک کەوا کۆمەڵگەی ئەمریکیی بە دەگمەن شتی وای پێشتر بەخۆوە نەدیبوو. ئەوان بە ڕێپێوان، خۆنیشاندان، نووسین و وتاردان بەرەنگاریی سیستێمی داپلۆسێنەری کاپیتالیزم بوونەوە. زۆربەی ئەوان کوڕە هەژار، یان کوڕی خێزانێکی دەرامەت کەم، یان مامناوەند بوون. هەندێک لەوان هەستیان بەوە دەکرد لەڕووی ڕەگەزییەوە پەراوێزخراون و ژیان و مردنیان وەک یەکە. ئەوان بەدوای جۆرێکی تر لە ژیانەوە بوون: ژیانێکی بۆهیمیانەی خۆڕسکیی دوور لە

دەمامک و ماکیاژی بەناو شارستانیی. ژیانێک کەوا تێیدا هەست بە ئازادیی، ئارامیی و ئاسوودەییی دەروونیی بکەن. ئەوان ڕوانینێکی سەرتاسەریان بۆ مەسەلەکانی مرۆڤ، ژینگە و ژیان هەبوو. بەڕای ئەوان ژینگەی زەویی پیس بووە و ئەوان پێویستە (ئەستێرەیەکی تازە) دروست بکەن. بەلای ئەوانەوە خاک دەبێت ڕێزی لێبگیرێت و خەڵکانی ڕەسەن و هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەسەری دەژین، بەوپەڕی هەستیارییەوە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. زۆربەی ئەوان خوێندکاری زانستگە بوون و دژی سیتێمی زیندانیکاری هەست و ئەقڵی مرۆڤ بوون و دەیانەویست لە جیاتی ئەو سیستێمەی کەوا مرۆڤی دەکردە ڕۆبۆت، سیستێمێکی دیکەی خوێندن هەبێت کەوا مرۆڤ هەست بەوە بکات ئازاد و سەربەستە. ئەوان دەیانویست هەموو شتێکی نوێ تاقی بکەنەوە، با هەرچەندە ئابڕووتکێن و حەیابەریش بێت. دنیای دزیی و تاوان بەشێک بوو لەو دنیایەی ئەوان دەیانویست بیخەنە ڕوو و پەردەی لە ڕوو هەڵبماڵن و بەمەش سیستێمی کاپیتالیزمیی پێ شەرمەزار و ڕیسوا بکەن. ئەوان هیچ حەرام و بەربەستێکیان لەبەردەم ئارەزووە سروشتییەکانی خۆیان نەدەدیتەوە. مۆسیقا و چێژبینین لە مادده هۆشبەرەکان لەلای ئەوان ئەوپەڕی ئازادیی بوو، بەتایبەتییش مۆسیقای جاز. تەنانەت گەوجیی، گەمژەیی و شپرزەیی بەشێک بوون لە سروشتی مرۆڤ و دەبوایە لە گوتار، کردار و ڕەفتاردا بە نەنگ وەرنەگیرێن، ڕەچاو بکرێن و لەبەرچاو بگیرێن. دژایەتیکردنی ئەوان بۆ بە پیشەسازییکردنی کۆمەڵگە و بەتایبەتییش پیشەسازییی سەربازیی لە مێژووی ئەمریکادا بێپێشینەبوو. ئەوان بڕوایان بە ئایینێکی نوێ هەبوو کەوا لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستیی، مرۆڤپەروەریی و مرۆڤپەرستیی هەڵنرابێت. ئەوان دژی هەموو بەها کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و کولتوورییەکانی باوکەکانیان بوون، چونکە بەبڕوای ئەوان ئەو دنیا کابوساوییەی ئەوان تێیدا دەژیان بەرهەمی بیروباوەڕ و تێڕوانینی باوکە نەزانەکانیان بوو. ئەوان دژی کۆمەڵگەی بەرخۆریی کاپیتالیی بوون و بەڕای ئەوان کۆمەڵگەی بەرخۆر، مرۆڤی گەوج، نەزان و سەرکردەی گێل و خوێناویی و ناپاک دێنێتە بەرهەم. بڵاوکردنەوەی شیعری (لوورە)ی (ئەلین گینزبێرگ) لە ساڵی ١٩٥٦ دا بە خاڵی وەرچەرخان لە (ئەدەبی نەوەی بیت) بەتایبەتیی و سەرجەم ئەدەبی ئەمریکیی بەگشتیی دادەنرێت. ئەم شیعرە مەزنەی (گینزبێرگ) بە ڕاستیی هاوار و لوورەی برسییانەی نەوەیەکی ڕاونراوی هەمیشە پەلاماردراوی پەلاماردەر بوو. لەو شیعرەدا (گینزبێرگ) بێ پێچ و پەنا هێرشدەکاتە سەر دامودەزگە سەرکوتکار و جەنگ بەرپاکارەکانی ئەمریکا و بە خراپ، بەرباد و نامرۆڤانە ناویان دێنێت. بەڕاستیی لە دنیادا کەم نووسەری وا هەن وا چاونەترسانە، ئازا و بوێرانە پەنجە لە چاوی دەسەڵات ڕابکەن و زام و برینە شاردراوەکانی کۆمەڵگەی خۆیان بە ڕووت و قووتیی بخەنە بەرچاو. ئەو بیروباوەڕ و ڕوانینانەی ئەوان سەتاسەت دژی سیستێمی باو و ڕزیوی کاپیتالیزمی سەردەمی خۆیان بوو. هەربۆیەش دەبوایە ئەوان

لـە دامودەزگـە سـەرکوتکارەکان چاوەڕوانـی پاداشـت و خـەڵات نەبـن. زۆربـەی جار ئـەوان بـە بێکاریی لـە سەرشـەقام و شـوێنە گشـتیەکان دەسـووڕانەوە و ئیش و کاریشـیان بریتیی بوو لە نمایشـکردنی کاری خەڵک سـەرسـامکەر و ورووژێنەر. ئـەوان هـەرگیـز چاوەڕوانـی چەپڵـە و شـاباش نەبـوون لـە خەڵکـی، بەتایبەتییـش لـە دەسـەڵات و دەسـەڵاتداران. بەپێچـەوانـەوە، ئـەوان چاوەڕێـی ئـەوە بـوون بکەونـە بـەر شـاڵاو و پەلامـاری ئـەو دامودەزگەیانـەی پاسـەوانی ئـەو سیسـتێمە بـوون. هەندێـک لەوان خزێنرانە نـاو کونی زیندانـەکان و (گینزبێرگ) نموونـەی ئـەو کەسـانەیە پۆلیس ڕاوەدووی نـا و دەسـتگیری کـرد و لـە ترسـی زینـدان خـۆی شـێتکرد و ڕازی بـوو بـەوەی (٩٠) ڕۆژ لـە شـێتخانە بمێنێتـەوە، کـەوا لـەوێ هەندێـک کەسـی دیکـەی بینـی کـەوا بـە تۆمەتـی شـێیتی و سـەرشـێتیی خرابوونـە نـاو شـێتخانەکان، نموونـەی ئـەوەش (کارل سۆلۆمان)ـە، کـەوا لەگـەڵ (گینزبێرگ) لـە شـێتخانە یەکیان ناسـی و هـەرئـەمـەش بـوو وایکرد هـەردووکیـان ئـەمریکا بـە وڵاتـی شـێتان و شـێتخانـەیەکی گـەورە دابنێـن. ڕەنگـە زۆرکـەس هـەبووبـن لـە سـاڵانی پـەنجـا و شەسـتەکان، نووسـین، هـاوار و بەرهەڵسـتییەکانی (نـەوەی بیت)یـان بـە هەڵپـە و هەڵچوونێکـی سـاتەوەختیی و کورتخایـەن بینـی بێـت. بـەڵام ڕۆژگـار و مێـژوو سـەلماندی بـۆ یـار و نەیارانیـان؛ کـەوا ئـەوان بـە هەڵـەدا چووینـە و کاریگـەریـی نووسـەران و ڕوناکبیرانـی (نـەوەی بیت) نـەک هـەر لەسـەردەمی خۆیـان کاریگـەریی هـەبـووە، بەڵکـو تـا ڕۆژی ئـەمـڕۆش کاریگـەریـی ئـەوان لـە بـواری نووسـین، درامـا، فیلمسـازیی و مۆسـیقا، وێنەکێشـان و دەیـان بـواری ئەدەبیـی و هونەریـی ڕەنگـی داوەتـەوە. ڕوانیـن، نووسـین، بەرهـەم و کارەکانی ئـەوان سـنووری کات و شـوێنی بـڕی و بـوو بـە دیاردەیەکـی سـەرتاسـەریی لـە دنیادا. ئـەوان لـە جیاتـی (جوانناسـیی سـەرمایەداران) جۆرێکـی دیکـە جوانناسـییان بەرهـەم هێنـا کـەوا بـە (جوانناسـیی کلۆڵـەکان) ناسـراوە و ئـەم جـۆرە جوانناسـییەش لـە خزمەتـی سـەرجەم مرۆڤایەتییدایـە، نـەک تاقـە دەسـتە و تاقمێکـی باڵادەسـت. هـەر ئـەوان بـوون دنیایـان لـە سـەرمایەداران بچووک کـردەوە و بـۆ نـەداران و کەسـاسـان دنیایەکیـان وێنـا کـرد، کـەوا بـەڕاسـتیی دنیـای خۆیـان بـوو، نـەک دنیـای نـاو کتێبـان. هـەر ئـەمـەش بـوو نەمریـی بـە کـار و نووسـینەکانی ئـەوان دا و تـا دنیـاش دنیایـە نـاوی ئـەو نەوەیـە بـە پیتـی زێڕیـن لەسـەر لاپەڕەکانی مێژوودا بـە درەوەشـاوەیی دەمێنێتـەوە.

هەولێـر ٢٠١٨/٦/٢٨